منداڵپارێزی کوردستان
Kurdistan Save the Children Children's Fund
KSC KCF

چریەی دایرە

کاژێر نۆی تەواو
بوو، باوان بە جلی وەرزشەوە
لە دەرگەی داو بە دەموچاوی خەواڵوەوە
هاتە ژوورەوەو وتی: داپیرە، نمنم هەستاوە؟
وتم: بە میوانت بم، لەگەڵ کاڵێ و ئەواندا بەیانی زوو تۆپەکەیان بردو چوونە
دەرەوە. هەواڵی تۆشیان پرسی، وتیان پەیمان بوو ئەویش بێت. باوێشکێکی داو
وتی: راست ئەکەن، بەڵام شەو درەنگ خەوتم. قەیناکە داپیرە گیان، لە ژوورەوە چاوەڕێیان
ئەکەم کە هاتنەوە لەگەڵیان ئەڕۆم.کە باوان چوونە ژوورەوە، نمنم و ئەوانیش هاتنەوە. وتم: دەك بەخێربێنەوە.
دە وەرن نان ئامادەیە. نمنم دەستیکردە ملم و وتی: سوپاس داپیرە گیان. نان ناخۆین، هاتینەوە پشوویەك
بدەین و بڕۆینەوە. وتم: زۆر باشە، باوانیش لە ژوورەوە چاوەڕێتانە. کاڵێ بە دڵێکی خۆشەوە رایکردە ژوورەوەو
بەدەم رێوە هاواریکرد: ئەی گیان، کوا. باوان گیان ئامادەیت؟ بەڵام هێندەی نەبرد کاڵێ هاتە دەرەوەو بە چرپە
پێی وتین: ووس، بێدەنگ بن باوان نووستۆتەوە، لەوانەیە شەو درەنگ نووستبێت.

سەرنووسەر

بەرگی یەکەم و دووەم، غەمگین فەتاح

پەپوولە، گۆڤارێکی رۆشنبیریی، پەروەردەیی منداڵانە. خاوەن ئیمتیاز، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد.سەرنووسەر، یاسین قادر زرگوێزی.دەستەی نووسەران، ئەریمان عوسمان، ئەحمەد محەمەد.هونەریی، غەمگین فەتاح. دیزاین، سەرخێڵ شێخ مەهدی. پەپوولە مانگی جارێك لە سلێمانی لەلایەن منداڵپارێزی کوردستانەوە بە تیراژی (پێنج هەزار) دانەبڵاودەکرێتەوە و چاپکردنی لە چاپخانەی پیرەمێردە.
ناونیشان، کوردستان- سلێمانی- منداڵپارێزی کوردستان.تەلەفۆن (٣٢٠١٠٤٢)،(٣٢٠١٠٤٣)،(٣٢٠٠٨٦٠)،(٣٢٠١٠٤٦)،(٠٧٧٠١٥٢٢٧١٨)
لە بەرواری ٢٠١٠/١/٢٨ ژمارە متمانەی (٣٢) ی لە سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان وەرگرت.

PAPOOLA: MONTHLY CULTURAL&EDUCATIONAL CHILD MAGAZINE.ISSUED BY: KURDISTAN SAVE THE CHILDREN.
NO.153 _ July .2010, Internet www.khak.org & www.ksc.kcf.com _E.maile: pepule1992@yahoo.com.